Institute for Research and Development-Kurdistan (IRDK)
ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان - کوردستان

ئۆکتۆبەری

2014

# ڕاپۆرتی سیاسی

# ڕووداو و گۆڕانکاریەکان لە حوزەیران تا ئەیلولی ٢٠١٤

”ئەم ڕاپۆرتە، ئەنجامی چەند سەمینار و گفتوگۆیەکی توێژەر و ئاکادیمیسیەنە. وەک پڕۆژەی توێژینەوەی فکریی I RDK ئەنجامیانداون.جیا لە توێژەرەکان، ژمارەیەکی زۆر ئاکادیمیسیەن و ڕۆشنبیر بەشدارییان تێدا کردووە. باسە سەرەکییەکان لەلایەن ئەم ئاکادیمییانە پێشکەش کراوەن: پڕۆفیسۆر شێرزاد نەجاڕ، پڕۆفیسۆر گاریس ستانفیلد، دکتۆر لەتیف واحید، حوسێنی کوردنەژاد. سەرپەرشتی سەمینارەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەلایەن سەرۆ قادر بووە

info@irdk.org
+964 66 257 6001
Italian Village, Villa No. 8
Erbil Iraq
www.irdk.org

POLITICAL

# ڕووداو و گۆڕانکاریەکان لە حوزەیران تا ئەیلولی ٢٠١٤

## ڕاپۆرتی

## ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان ـ کوردستان (IRDK)

***"ئەم ڕاپۆرتە، ئەنجامی چەند سەمینار و گفتوگۆیەکی توێژەر و ئاکادیمیسیەنە. وەک پڕۆژەی توێژینەوەی فکریی IRDK ئەنجامیانداون.جیا لە توێژەرەکان، ژمارەیەکی زۆر ئاکادیمیسیەن و ڕۆشنبیر بەشدارییان تێدا کردووە. باسە سەرەکییەکان لەلایەن ئەم ئاکادیمییانە پێشکەش کراوەن: پرۆفیسۆر شێرزاد نەجار، پرۆفیسۆر گاریس ستانفیلد، دکتۆر لەتیف واحید، حوسێنی کوردنەژاد. سەرپەرشتی سەمینارەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەلایەن سەرۆ قادر بووە"***

ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان ـ کوردستان، بە ناوی ڕووداو و گۆڕانکاریەکان لە حوزەیران تا ئەیلولی ٢٠١٤.

ئەم ڕاپۆرتە لە 9 بەش پێشکەش دەکات:

1 تازەیی فکری سەربەخۆیی.

2 ناوچە دابڕێندراوەکان.

3 قەیرانی دارایی.

4 ئایندەی عێراق و کوردستان.

5 شەڕی داعش بۆ سەر کوردستان (عەرەب، تورکیا، ئێران).

6 ئەدای حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

7 ڕاگەیاندنی خەراپ و نەزان.

8 توندڕۆیی ئیسلامی (داعش).

9 پێشنیارەکان.

### 1) تازەیی فکری سەربەخۆیی:

پرسی سەربەخۆیی، بە شێوەیەکی سەرەکی لە 2014 وە، لە لایەن سەرۆکی کوردستان، باسکرا و وروژێندرا. پاشان بووە جێی باسی هەموو کۆمەڵگەی کوردستان، بە هەموو پێکهاتەکان و حیزبەکانیەوە.

لە سەرەتادا، باس و خواسێکی توند، لەنێوان لاباڵە سیاسیەکاندا دروست بوو. بەتایبەتی لە نێوان لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان. پارتی، لە ڕێگەی سەرۆک بارزانییەوە، بیرۆکەی سەربەخۆیی هێنایە ناو باسان. میکانیزمی بردنە پێشەوە و گەیاندنی بە جیهان و میللەتی کورد، بە باشی دیراسە نەکرابوو. هەر بۆیە بەشێوەیەکی پەرش و بڵاو، لە ڕێگەی لێدوانی پچڕ پچڕ، نووسینی وتار لە لایەن نووسەرانی پارتیەوە، بەبێ بەرنامە پێشنیار کرا.

فکری سەربەخۆیی، بەشێوەیەکی ئەوتۆ دەستپێکرا، تەنانەت خۆ ئامادە نەکرابوو تا ڕۆشنبیرییەکی کامڵ، لەسەر پرسەکە درووست بکرێت. بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان، لە ماوەی 80 ساڵی ڕابردوودا، بایەخی بە پرسی سەربەخۆیی نەداوە. هەربۆیە خۆی بە ئامادەکردنی فکری و ڕۆشنبیریی، لەو بوارەدا تەیار نەکردبوو. لێکۆڵینەوە و زانیاری، لەسەر یاسا و پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی، ئەو ناوەند و هێزانەی پەیوەندیان بە پرسی سەربەخۆییەوە هەیە، پەیدا نەکردبوو. ئەمە چ لەناو نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەورووپا و ئەمەریکا، چ لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی بە تایبەتی، بەجێهێڵرابوو. لە سەرەتا بە ئاشکرا، جۆرێک لە نەزانی لە گفتوگۆکاندا هەبوو. بۆ نموونە سنوور و جیاوازی نێوان فیدرالیزم و کۆنفیدرالیزم لێکدی جیا نەدەکرایەوە. لەنێوان کۆنفیدرالیزم و سەربەخۆیی سنوور دادەندرا. هەربۆیە جۆرێک لە پشێوی و بێمتمانەیی، لە ناوەندی خاوەن بڕیار لە کوردستان دروست بوو. لەم قۆناغەدا میللەت بە شێوەیەکی سەرگەردان سەیری خیتابی حیزبەکانی دەکرد.

بە شێوەیەکی گشتی، پرسی سەربەخۆیی، وەک ئامانجێک، تەلقائیانە لەناو میللەتی کورد پەسەندی پەیداکرد، بەتایبەتی کاتێک حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن (گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ) لەگەڵ حیزبە بچوکەکانی تر، کەوتنە ناو تەیاری سەربەخۆیی و دژی نەوەستانەوە. ئەوانە لە مانگی نەورۆزەوە، کەوتنە پەلەپروزێ، بۆئەوەی پرسی سەربەخۆیی، بخەنە ناو بەرنامەی حیزبەکانی خۆیان و لە هەڵبژاردندا سودی لێوەرگرن.

ئەگەر نەزانین و نەبوونی ڕۆشنبیریی، لە پرسی سەربەخۆییدا بە خاڵێک دابندرێ، ئەوا خاڵێکی تر هەبوونی گومان

بوو. گومان بە مانی؛ ئایا سەربەخۆیی کارێکی کردەییە (ممکن)؟ ئایا کوردستان ئەوەی هەشیەتی لە دەستی نادات؟ ئەو پرسیارە زیاتر لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئەوانەی لایەنگری ئێران بوون، ئاراستە دەکرا. ئەم گومانە، بە هێزەوە هاتە مەیدان، چونکە لە ماوەی 80 ساڵی ڕابردوودا، سەرکردەکان پرسی سەربەخۆییان وەک ئایدیایەکی دوور باس دەکرد. هەمیشە لەپاڵ ئەوەدا، ئەو تیۆریانەیان بڵاودەکردەوە کە سەربەخۆیی، بۆ کوردستان دەبێتە مایەی هێرشێکی ئیقلیمی گەورە. لە لایەن هێزەکانی نێودەوڵەتی و خاوەن بڕیار و زلهێزەکان پشتیوانی ناکرێین. هەربۆیە ئەو تێکشکانە چاوەڕێی کوردستان دەکات کە لە مێژوودا نموونەی زۆرە. نموونەکانیش بە تێکشکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، ئیحسان نوری پاشا، شێخ مەحمود، کۆماری مهاباد و شۆڕشی ئەیلول دەهێندرایەوە. ئەوە لەخۆیدا ترسێکی گەورەی لەنێو ئاگایی میللەتی کورد دروست کردووە و تا ئێستاش ئەم ترسە ماوە.

گومان بە تایبەتی لە گوتارەکانی سەرۆک مەسعوود بارزانی قووڵ دەکرایەوە، دەبەسترایەوە بەو کێشانەی لە ناو هەرێمی کوردستاندا هەیە. وا لێکدەدرایەوە سەرۆک نەیتوانیوە سەرۆکایەتی کوردستان بە شێوەیەکی ڕێک و هاواهەنگ بکات. دەبەسترایەوە بەو کێشانەی کە پارتی لە بەڕێوەبردنی ناوخۆییدا چ وەک حزب یان حکوومەت هەیەتی. دەنگە جیا جیاکانی ناو پارتی و بە شێوەیەکی تایبەتی لە هەرەمی سەرۆکایەتی، وایکردبوو وابزانن، بارزانی دەیەوێ تەسویقی کێشەکانی ناوخۆی پارتی، کێشەکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان دوو ئیدارەی سەوز و زەرد بکات. بۆیە زۆرجار دەنگی بارزانی، بۆ سەربەخۆیی لەم گومانەدا بزر دەبوو.

مەسەلەی حزبایەتی زۆر بەرتەسکە کە زەبر لە فکری سەربەخۆیی دەدات. ئەوحاڵەتە تا ئێستا بەردەوامە. پێشینەی دوور و درێژی کێشەی حزبایەتی لە نێوان یەکێتی و پارتی، هەروەمان شێوازی حزبایەتی بەرتەسک، لە ناو حزبەکانی ئیسلامی و بزووتنەوەی گۆڕانیشدا پەیڕەو دەکرێ. بەرژەوەندی حزبی، هەمیشە خراوەتە پێش بەرژەوەندی نیشتمانی. ئەوە وایکردووە لە پرسی سەربەخۆییدا، حزبەکان بەرژەوەندی خۆیان بەکاربێنن. واتە باجیان لە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک بارزانی بوێ، بۆ پشتیوانی کردنی پرسی سەربەخۆیی.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەرژەوەندی حزبی و ئیداریەکەی، لە سەربەخۆیی کوردستاندا نەدەدیت. هەر گفتوگۆ و پرۆژەیەک بۆ سەربەخۆیی، یەکپارچەیی نیشتمانی دەوێ. ئەو یەکپارچەییە نیشتمانیەش، ئیمتیازەکان لە یەکێتی

نیشتمانی وەردەگرێتەوە .یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەو ئیمتیازانەی لە ڕووی جۆگرافیای سیاسییەوە هەیەتی، بریتییە لە بەڕێوەبردنی بێچاودێرییانەی نیوەی کوردستان. نیوەی بودجەی کوردستانیشی لەبەردەستدایە . هەردوو ئیمتیازەکەش ڕەوایی پێدراوە. بە شێوەیەکی سەربەخۆ، لەگەڵ بەغدا و ئێران و هەر حزبێکی تر، مامەڵە و گفتوگۆ دەکات. ئەم ئیمتیازانە لە یەکپارچەیی نیشتمانیدا سنووردار دەکرێن، سەرەنجام لەوانەیە بکەونە ناو چوارچێوەی یاساوە.

سەرکردایەتی دوای مام جەلال، واتە ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و دەستڕۆیشتوانی ناو یەکێتی، دەزانن چۆن بەرژەوەندییە حزبی و کەسییەکانی خۆیان بپارێزن. هەربۆیە زۆر بە ئاسانی، دەتوانن گومان دروست بکەن، لەمپەڕ لەبەردەم پرۆسەی سەربەخۆیی دابنێن.

بە گشتی، دیاردەی ترس لە ناو میللەت، لە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستاندا هەیە .لایەکی ترسەکە کێشەی نێوان حزبەکانە . پێویستە ئەو کێشەیە نەگاتە پەرش و بڵاوکردنی ناوخۆی کوردستان. لەو حاڵەتەدا هێزی میللەتی کورد لەناو دەچێت، بە ئاسانی پەلامار دەدرێین.

نەبوونی ڕوونی و شەفافیەتە لە پرۆسەی سەربەخۆییدا، بەشێوەیەکی سەلبی باس دەکرێ. بەتایبەتی لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان. پارتی بە شاراوەیی (لوغزاوی) و پڕ لە نهێنی، لە پڕێکدا باسی سەربەخۆیی دەکات و دایی لێی دەکشێتەوە . ئەوە یەکێک لە گرفتەکانی پرسی سەربەخۆیی، لە لایەن پارتییەوە بوو، لەلایەن دەزگای سەرۆک بارزانییەوە باس دەکرا. ئەویش هیچ بنەمایەکی فکری و هەوڵێکی جدی نەدەخرایە پاڵ فکری سەربەخۆییەکە، تا خەڵک بزانن ئەم باسکردنە بنەمایەک و پشتیوانی هەیە. هەروەها باسی ئەو گۆڕانکاریانە نەدەکرا کە لەسەر ئاستی دنیا ڕوویانداوە و لاسەنگی هێزەکان جێگۆڕکێ بوونە. بە هیچ شێوەیەک باسی ئەو هەوڵ و تەقەلایە نەدەکرا کە بەشێوەیەکی ئیجابی، سەرۆک و دەزگای سەرۆکایەتی لەناو پارتی، لەگەڵ وڵاتانی خاوەن بڕیاردا کردوویەتی. ئەوەی کە ئێستا لە مانگی ئەیلولدا دەیبینین.

باس کردنی پرسی سەربەخۆیی ئیجابی بوو، بەڵام بەو کەموکوڕیانەی باسمان کرد، نەیتوانی یەکپارچەیی نیشتمانی تۆکمە، دروست بکات. دەبوایە زۆر زووتر دەزگەی سەرۆکایەتی لەناو پارتی، لەگەڵ حیزبەکان، لەگەڵ پێکهاتەکان و کەسانی کاریگەری کۆمەڵایەتی لە کوردستان، لە میکانیزمێکی گشتگیردا کۆببێتەوە و ئەم پرسەیان لەگەڵ باس بکات.

هەوڵ بدات پرسی سەربەخۆیی بەرزبکاتەوە بۆ سەرەوەی بەرژەوەندی حزبی، کەسی، پێکهاتەیی. ڕووداوەکانی ئەم دواییە (جەنگ، دەستێوەردانی ئەقلیمی) بەسەر پرسی سەربەخۆییدا هاتن،جارێکی دیکە دەنگی سەربەخۆیی کز کردۆتەوە.

خەڵک و چاودێران پێیان وایە، پارتی و سەرۆکایەتیەکەی، جۆرێک لە تاکڕەوی لە سەرۆکایەتی کردنی پرسی سەربەخۆییدا دەکەن. ئەم تاکڕەویە بەجۆرێکە، زانیاری نادات بە لایەنەکانی تر، پشتیوانی لایەنەکانی دیکە و میللەت بە باشی دابین ناکات. بەوەش وایکردووە سەرۆکایەتی پارتی زیاتر پشتی بە جموجۆڵی هەرێمی و نێودەوڵەتی گەرم بێت. ئەم باس و ئەو دیدە، لەسەر سەرکردایەتی پارتی تا ئێستاش هەر ماوەتەوە.

هەڵبەت دەبێت ئەمە چارەسەر بکرێ، بەتایبەتی کە ئێستا هەموو کاغەزەکان کەوتونەتە سەر مێز، دەبێ پارتی و سەرۆک بارزانی و دەزگای سەرۆکایەتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، شەخسی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی حکوومەت، بکەونە ناو بژارکردنی فکری سەربەخۆیی و پێدانی بەرچاوڕوونی بە ڕوانگاکان و ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ئارادان.

## 2) ناوچە دابڕێندراوەکان:

کێشەی ناوچە دابڕێندراوەکان لە نێوان هەرێم و بەغدا، پێش ڕووداوەکانی حوزەیران لە موسڵ و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی داعش، کێشەیەکی قورس بوو. لە ماوەی 12 ساڵی ڕابردوودا، توێژەر و چاودێرە سیاسیەکان، تەنانەت ئەو توێژەرانەی کە بۆ ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان، قسەیان دەکرد، گەیشتبوونە باوەڕی تەواو کە حکوومەتی عێراق،بە ناوچە دابڕێندراوەکان، نیازی جیبەجێ کردنی یاسا و دەستووری نییە .بەپێچەوانەوە هەوڵ دەدات کورد نائومێد بکات و سەرەنجام لە سیناریۆیەکدا، پاڵ بە کوردستانەوە بنێ تا ئەو ناوچانە بەیەکجاری چۆڵ بکات.

لە لایەکی ترەوە، میکانیزمی کاری لێپرسراوانی کورد، لە حکوومەتی عێراقدا خراپ بوو. ئەوانەی لە دەزگەی سەرۆکایەتی عێراق، لە سەرۆکایەتی حکوومەتی عێراق، لە سەردەمی مالیکی و پێش مالکیش، یان لە ناو پەرلەمان عێراقدا بوون، بە

باشی چاودێری کاری ناوچە دابڕێندراوەکانیان نەدەکرد.

حکوومەتی عێراق بە نیازی خەراپی خۆی، هەمیشە لە ئاڵۆزکردن و پەکخستنی یاسا و بڕیارەکانی سەر بە ئاسایی کردنەوە، بەردەوام بووە.ئەویاسایانەی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کێشە لەسەر، لە نێوان شیعە و سوننەدا، تێکەڵ دەکرد. ڕەوتی ناسیۆنالیستیانەی بەرچاوتەنگی عەرەب، هەمیشە پشتیوانی ئەو کردەوانە بووە کە حکوومەتی عێراق بەرانبەر بە ناوچە دابڕێندراوەکان دەیکرد.

بەرپرسانی کورد لە بەغدا، بە دوای دەستکەوتی کەسییەوە بوون. هەروەها هەردوو حزب یەکێتی و پارتی لە بەغدا، لە کێشە ح زبی و سیاسییەکانیان لەگەڵ عێراق، لە بەرانبەر دەسکەوت و کێشەکانی دیکەدا، هەمیشە ئامادەبوون مەسەلەی ناوچە دابڕێندراوەکان، لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی تر هەڵپەسێرن.

یەکێکی تر لە هۆکاری ئاڵۆزبوونی ناوچە دابڕێندراوەکان، کێشەی حیزبایەتی نێوان یەکێتی و پارتییە، کە هەمیشە ئامادەیی کاریگەری هەبووە، لە ئاڵۆزکردن و کاڵکردنەوە و تێکەڵکردنی کێشەکە، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دیکەی حیزبی و عێراقی. بە تایبەتی لەو ڕووەوە پێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و موئەسەسەی سەرۆکایەتی، بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی، هەمیشە جێگەی ڕەخنەی توێژەران بووە.

پێش ڕووداوەکانی حوزەیران، ڕوانگەی توێژەرانی ناو ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان (IRDK) بەو ئاراستەیەدا بوو کە دەبێت کورد، خۆی ئامادە بکات، بەشێوەیەکی کتوپڕ، دەست بەسەر ناوچە دابڕێندراوەکاندا بگرێت و بیکات بە ئەمری واقع. دوایی لەگەڵ حکوومەتی عێراق و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و وڵاتانی پەیوەندندار بەم کێشە، گفتوگۆ بکات. ئینجا یاساکانی پەیوەندار بە ناوچە دابڕێندراوەکان، وەک سەرژمێری و ڕاپرسی، بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێ.

ڕووداوەکانی حوزەیران، تەواوی هاوکێشەکانی گۆڕی. کاتێک هێزێکی شەرکەر، داخڵی هاوکێشەیەکی ئاڵۆز دەبێت، هاوسەنگیەکە تێکدەدات، گۆڕانکارییەکان دەخاتە بوارێکی نوێوە. ئەو کەس و لایەنە دەتوانێ بڕیار بدات کە خاک و هێزی بەدەستەوەیە. داعش لە پڕێکا هاتە ناو عێراق و ناوچە سوننیەکانی داگیر کرد. لە سەرەتادا نزیکی ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان نەدەکەوت. هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی هێزەکانی یەکێتی و پارتییەوە، دەستی بەسەر ناوچە دابڕێندراوەکاندا گرت. هەروەها لە ڕێگەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە ڕاگەیەندرا؛ کە ئیتر ماددەی 140 ئەنجامدرا و

واقیعەکە خۆی یەکلایی بووەوە.

## 3) قەیرانی دارایی:

قەیرانی دارایی، لە بڕیاری حکوومەتی مالیکیەوە دەستی پێکرد. پێش بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان، بەردەوام زەنگی خەتەر لەناو سیستەمی ئابووری و کارگێڕیی کوردستان دەبیسترا، هەڕەشەکان دەبیندران. ئەم سیستەمی کارگێڕی و داراییەی لە کوردستان هەیە، تەعریفێکی ڕوونی بۆ نەکراوە. سیستەمێکی دارایی وابەستەی تەواومان بە حکوومەتی عێراق و کۆمپانیاکانی دەرەوە هەیە، سیستەمێکی سەربەخۆ نییە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ هەوڵێکی جدی نەداوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ بوونی وابەستەیی بە عێراق و کۆمپانیاکانی دەرەوە بە ـ تایبەتیش تورکیا ـ کوردستان دەستەڵاتێکی ئەوتۆی، بەسەر سیستەمی مالی وڵاتەکەوە هەبێت تا لە کاتی تەنگانەدا، بتوانێ سەرکردایەتی بکات. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بێڕوانگەیی سیستەمی داراییدا دەژیا و تا ئێستاش هەر وایە. (IRDK ڕاپۆرتێکی کۆندا کێشەکانمان بەرز کردەوە کە بۆ ئەم ڕاپۆرتەش دەیکەین بە پاشکۆ).

لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەردەکەوت، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ کاتێک بیری نەکردۆتەوە ڕۆژێک تووشی تەنگ و چەڵەمەی مالی دەبێت. هەمیشە ئەو تێگەیشتنەی داوە بە هاووڵاتیان؛ ئەوەی دەتوانن بەدەستیبێنن، ئەوەشی ناتوانن هەوڵی بۆ بدەن، پێویست ناکات کەسی کار بکات، پێویست ناکات کەس بیر لە هیچ داهێنانێک بکاتەوە، چونکە ئەم ڕەوشە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت! بۆ نموونە لە کوردستاندا، سیستەمی بانکی بوونی نەبووە. ئەو بانکانەی هەن، زیاتر قاسەی هەڵگرتنی پارەی حکوومەت بوون کە هەمیشە لە ماوەی یەک یان دوو مانگدا، بەتاڵ دەکران.

دیاردەی گەندەڵی، بە شێوەیەکی بەردەوام، لە هەردوو ئیدارەی حکوومەتی یەکێتی و پارتیدا، زۆر بێ بەزەییانە سامانی گشتی دەکێشایەوە. ئەو بودجەیەی حکوومەت لە سیستەمی ئیداری خەرجی دەکرد، بە شەبەکەیەکی گەندەڵی خەرج کردن و بەفیڕۆداندا تێدەپەڕی. لە ڕاپۆرتێکی تایبەتی ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێداندا کاری لەسەر کراوە. ئەو سامانە لەناو حکوومەتدا، لەو بەشەی بۆ پەرەپێدانی کاری حکوومەت خەرج دەکرا، پشکێکی زۆر کەمی، دەکەوتە بواری جێبەجێ کردن. بەشە زۆرەکەی، بە تۆڕێکی بەرفراوانی گەندەڵی و پارە خەسارکردندا تێدەپەڕی. لە سەرەوەشڕا،

پێش ئەوەی پارە بۆ حکوومەت تەرخان بکرێ، بە ڕێگەی دیار و نادیاردا، سەرمایەی وڵات لەنێوان هەردوو حیزبی پارتی و یەکێتی، هەڵدەمژرا. بە شێوەیەکی ڕەسمی بۆ کۆمپانیاکان، کەسەکان، گروپەکانی ناو هەردوو حیزب دەڕۆیشت. نموونەیەکی ڕوون بێنینەوە؛ کاتێک تەنگ و چەڵەمەی ئابووری دەستیپێکرد، دوای دوو مانگ، هەموو کۆمپانیاکانی بیناسازی، ئەوانەی کە گرێبەستیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێم هەبوو، وەستان. واتە لەگەڵ بڕینی بودجە، ئەوانیش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کاریان نەکرد. ئەگەر ئەوانە کۆمپانیا بان، بودجەی ئەوان و پارەی ئەوان، هیچ پەیوەندی بە بودجەی هەرێمەوە نییە و دەیانتوانی چەند مانگێکی دیکەیش لە کارەکانیان بەردەوام بن. ئەم وەستاندنە نیشانی داین، چۆن کارمەندێک مانگانە پارە لە حکوومەت وەردەگرێت، ئەو بەناو کۆمپانیایانەش کە کۆنتراکتەکانیان وەرگرتبوو، مانگانە بە شێوەی جیا جیا، لە سامانی گشتی پارەیان دەبرد و ئەو پارەیان دەکردە ئەو پڕۆژانەی بەڕێوەیان کە هەیانە. کەواتە شتێک بەناوی بەرهەمهێنان و سەرماگوزاری لە ناو وڵاتەکەدا نەبووە.

دوو ئیدارەیی لە نێوان هەولێر و سلێمانی، ئەم تەنگژەی زۆر قووڵ کردۆتەوە. تەنانەت کاتێک تەنگ و چەڵەمە بۆ دروست بوو، حکوومەت هیچ ئیرادەیەکی بۆ نەمایەوە کە بتوانێ هەنگاو بۆ چارەسەر کردنی کاتیش بهاوێت.

لە لایەکی دیکەوە نەبوونی سیستەمی بانکی، نەبوونی ڕوانگەی سەربەخۆ بۆ سیستەمی بانکی و مالی،بووە مایەی نەبوونی پەرژین بۆ سەرمایەی کوردستان. ئەو پەرژینەی لە کاتی ئاسایی و قەیراندا، دەستی حکوومەت بکاتەوە، ڕێگربێ لە چوونەدەرەوەی سەرمایە بەرەو دەرەوە. لە لێکۆڵینەوەی مەیدانیدا، ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان، بۆی دەرکەوت کە ئەو بانکانە بۆ ئەوە دروست نەکراون ڕوانگەیان بۆ کاری بانکی هەبێت. هیچ ڕوانگایەک لای بەڕێوەبەری بانکەکان نییە.

دراوی عێراقی کە دراوی سەرەکی کوردستانیشە، بۆخۆی کێشەیەکی دیکەیە. حکوومەتی عێراق هەمیشە دەتوانێ، دەسەڵاتی بەسەر دراوەکەدا بشکێ و لەکاتی قەیراندا، ئازارمان بدات. بە هیچ شێوەیەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خۆی بەوە سەرقاڵ نەکردووە، ئایا دەکرێ بە یاسا، دراوی خۆی هەبێت و سیستەمی بانکی خۆی هەبێت. هەڵبەت دەکرا هەیبێت و لەگەڵ عێراق و دەوروبەر بگونجێندرێت. بەم شێوەیە دەیتوانی دەسەڵاتی بەسەر سیستەمی دارایی و دراوی نەقدی کوردستاندا بشکێت.

سیستەمی ئابووری هەرێمی کوردستان، بۆ هەموو هەوڵێکی دەرەوە؛ عێراقی و غەیرە عێڕاقی کراوەیە. دەتوانن لەکاتی تەنگ و چەڵەمەدا، پارە بکێشنەوە و بیڕفێنن، بازاڕ تووشی تەنگ و چەڵەمەی کوشندە بکەن. لەو ڕووەوە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بیر لە چارەسەری ئەو کەموکورتیانە بکاتەوە کە باسیان لێ کرا. ئەم کارەش تەنیا لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی ورد و پشت بەستن بە ڕوانگەی زانستیانە، لە دامەزراندنی دەزگای دارایی دەکرێت.

لە کوردستان، خەڵک سەرمایەی خۆی لە بانکەکان دانەناوە، لە ماڵەوەیەتی. ئەگەر کەسانێکیش سەرمایەی خۆیان لە بانک دابنێن، ئەوا بانک سەربەخۆ و جێی متمانە نییە. خەڵک دەزانن لە هەر قەیرانێکدا، سەرمایەکەیان بەربا دەچێ. هەروەها لەناو سیستەمی دارایی کوردستاندا، هیچ ڕوانگەیەک بۆ هەبوونی پارەی یەدەگ، لە لایەن حکوومەت نیە. کەچی دەمێکە، حکوومەت باس دەکات کە ئەو سەرمایەی هەیەتی، هی نەوەکانی داهاتووشە. ئەگەر ئەو ڕوانگەیە جێبەجێ کرابا، دەبووا سیستەمی مالی کوردستان، چاک بکرێ. ئەگەر چاک کرابا، ئەوا حکوومەت پارەی یەدەگی ئەوتۆی دەبوو، تا بە لایەنی کەمەوە، ماوەی ساڵێک بتوانێ، بە تەقەشف و سەرفەجویی، خۆی بەڕێوەبەرێت.

حکوومەتی هەرێم، هیچ ڕوانگە و زانیارییەکی لەسەر سیستەمی مالی عێراق، ئەو گەندەڵییەی لە سیستەمی دارایی عێراقدایە، نەبووە. لێپرسراوانی کورد لەو گەندەڵیەی بەغدادا بەشداربوون، بۆیە هیچ هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان نەدەکرد تا زانیاریی هەبێت. لە حکوومەتی کوردستانیشەوە هیچ کات، داوایەکی ئەوتۆیان لە بەرپرسانی خۆیان لە بەغدا نەدەکرد. بۆیە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەک لەسەر زاری سەرۆک وەزیران ڕاگەیەندرا، دوای دوو مانگ لە بڕینی بودجە، هەستی کردووە، بڕینی بودجە، وەک فشارێکی سیاسی بۆسەر کوردستان، بەکار دێت.

لە هەموو حاڵەتێکدا، سیستەمی ئابووری هەرێمی کوردستان، ئاڵوودەی پەتای گەندەڵیەکی بەرفراوان بووە. گەندەڵی بووەتە بەشێک لە پەروەردە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەکاتی قەیرانی مالی و شەڕی داعش بۆ سەر کوردستان بە ئاشکرا دیارە. سەرکردەکانی سوپایی و ئیداری لە کوردستان کە لە گەندەڵیەوە تێوەگلاون، نەیانتوانی ئەدایەکی باشیان لە کاری خۆیاندا هەبێت.

ئەم کێشانە پێویستیان بە چارەسەری هەیە. کاتێک حکوومەت بڕیار بدات چارەسەری بکات، پێویستە پەنا بۆ دیراسە کردن و پێشنیاری نوێ ببات. هیچ ڕاچێتێکی دیاریکراو لە لایەن هیچ کەسێک و دەزگایەکەوە نییە تا حکوومەت وەریبگرێ

و یەکڕاست جێبەجێی بکات.

لەم بارودۆخی جەنگدا، توانایی دارایی حکوومەت بەشی پێشنیار کردنی پرۆژەی بەرهەمهێنان ناکات. بۆیە پێویستە ڕێکارەکانی ئابووری زەمانی جەنگ بگیردرێتەبەر. بۆ ئەوەش پێویستە لیژنەیەکی پسپۆڕیی بە دەسەلات، دابمەزرێت، ئینجا بڕیار لەسەر پاراستنی دۆخە مالییەکە بدات. حکوومەت دەبێ پابەندی بڕیارەکانی لیژنەی دارایی ناوبراو بێت.

## 4) ئایندەی عێراق و کوردستان:

لە سەرەتای ئەمساڵدا، لەگەڵ باسکردنی پرسی سەربەخۆیی، زۆربەی لێکۆڵینەکانی ناوەوە و دورەوە پێیانوابوو لە پرسی سەربەخۆییدا، باش پشتیوانی ناکرێین. بە تایبەتی لە پرسی عێراقدا، لە کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا، هەست دەکرا هەمیشە قورسایی نێودەوڵەتی بەلای عێراقدایە. کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق، مەیدانەکەی بۆ ئێران چۆڵ کردووە. بۆیە زۆر لە ئەکادیمسیەنەکانی هاوکارمان، دەیانگووت: ئێستا لە جیاتی پاتریۆس، قاسم سولەیمانی لە عێراق فەرنان دەدات، لە جێی ئەمەریکا ئێران حوکم دەکات. بۆیە هیچ متمانەیەک نیە، بۆ جێبەجی کردنی ئەو یاسایانەی پەیوەندی بە نێوان هەرێم و بەغداوە هەیە. دەستووری عێڕاقیش مافی بڕیاردانی چارەنووس بە کوردستان نادات. دیباچەی دستوور  بە تەنیا بەهانامان ناگات.

ئایا کوردستان لە باسکردنی، پرسی سەربەخۆییدا، هیچ پشتیوانێکی نێودەوڵەتی هەیە؟ چونکە ئەوە هێزی گەورەیە دەتوانێ یاساکانی نێودەوڵەتی ببەزێنێت، واقیعەکە تێکبدات و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیەکی نوێ بکاتەوە.ئینجا لەوەیاندا سەربەخۆیی کوردستان بە هەند وەربگیرێ.

ئایا بە دیموکراتیانە و لێکتێگەیشتن، نەخشەی عێڕاق، لە نێوان کورد و عەرەب، سەرلەنوێ دادەڕێژرێتەوە یان ئەم نەخشەیە بە شەڕ و بە خوێن دەبێت؟ زۆربەی توێژەران پێیان وابوو ئەوە هێز و نەخشەی خوێنە، لە نێوان ئێمە و عێراقدا ئایندە دەکات.

لە کوردستاندا دەوری ڕۆشنبیران بۆ تێگەیاندن و ساخکردنەوەی پرسی سەربەخۆیی، بوونێکی ئەوتۆی نیە. لە لایەن سەرکردایەتی سیاسیەوە، هەمیشە بە گومانەوە تەماشای کاری ڕۆشنبیران و ناوەندەکانی ئەکادیمی دەکرێ. لەمساڵدا،

ئەمە زیانێکی زۆری بە پرۆسەی سەربەخۆیی و قۆناخی نوێی کوردستان گەیاند. کوردستان وەک هەر وڵاتێکی دیکە، لە دنیای نوێدا، بەبێ بەرچاوڕوونی زانستی،ناتوانێت بەرەوپێشەوە بچێت. بۆیە پێویستە لەمەودوا حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرکردایەتی سیاسی، ستراتیژیەتێکی ڕوونی هەبێ، بۆ سوود وەرگرتن لە وجودی ڕۆشنبیران. تەعریفێکی نوێی، بۆ ڕۆشنبیر و دەوری ڕۆشنبیران، لە سیستەمی ئیداری و سیاسی کوردستاندا بکاتەوە.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا ـ زیاتر لە 10 ساڵە چالاکن ـ لە پرسی سەربەخۆییدا، کاریگەریەکی ئەوتۆیان نەبوو. ئەم ڕێکخراوانە، چونکە لە سیستەمی بڵاوکردنەوەی پارە و بەشینەوەی دەسکەوتدا تێوەگلاون، ئاڵودەی گەندەڵی بوون. هەروەها وابەستەیی حیزبیش وایکردوە، هیچ ئیرادەیەکیان بۆ بیرکردنەوە و کرداری کۆمەڵایەتی نەمێنێ.

کۆدەنگی نیشتمانی، لە کێشەی نێوان عێراق و کوردستاندا دروست نەکرا. هەر بۆیە، کاتێک لە هەولێر سەرۆکی کوردستان هەوڵی دەدا، جۆرێک لە تێگەیاندن بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی دروست بکات، لە سلێمانی بە پێچەوانەی ئەوەوە، بڵاو دەکرایەوە.

تەقەل و کاریگەری وڵاتانی دەوروبەر، وەک ئێران و تورکیا و عێراق، لەناو ڕای گشتی کوردستان، لە ڕێی تۆڕی بەرفراوانی بڵاوکردنەوە، هەست پێدەکرێت. ڕۆژانە خەڵک گفتوگۆیان لەسەر دەکەن. بێدەنگی دەزگای سەرۆکایەتی، لەسەر سەرچاوەکانی پشتیوانی پرسی سەربەخۆیی، ئەم ڕەوتەی توندتر دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشەی داعش هاتە سەر هەموو هەڕەشەکانی دیکە. لە سەرتادا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەو ئیشارەتە بە خەڵک درا کە داعش دوژمنی ئێمە نییە و لە وانەیە ئێمە خۆمان لەو شەڕە بپارێزین. بەشێکی ئەم دڵنیایی پێدانە، بەسەر کوردستاندا بە زەرەر شکایەوە. هەرچەند سیاسەتی خۆپاراستنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەدەست شەڕی داعش، لە بەرامبەر جیابوونەوە لە عێراق، ڕاست بوو. بەڵام نەناسینی داعش وەک ڕێکخراو، پشتبەستن بەو ڕوانگە نێودەوڵەتیانەی کە هەبوون، سەرەنجام کوردستانی خستە بەردەم هەڕەشەیەکی گەورە.

ڕێکخراوی داعش، تیرۆریستییە و میراتگری ڕێکخراوی قاعیدەیە. بەڵام بە گۆڕانکاری زۆر و بە هێزێکی گەورەترەوە و لە سەردەمێکی دیکەدایە. 12 ساڵ دوای قاعیدە هاتۆتە مەیدان، هەموو تەجرەبەکانی ئەوی هەڵسەنگاندووە، درێژکراوەیەکی بەهێزی تاڵیبانە. ئەویش لەوەدایە بە خێرایی شەڕ دەکات، بە خێرایی هاوسەنگی دەگۆڕێ، بەلایانەوە

گرنگ نییە دەمرن یان دەمێنن. بۆیە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ، لەوانەیە ڕۆژێک پەلاماری کوردستان و لەوێش پەلاماری هەولێر بدەنەوە.

## 5) شەڕی داعش بۆسەر کوردستان:

داعش چییە؟ ماهیەتی ئەم ڕێکخراوە چییە؟

داعش (الدولە الاسلامیەفی العراق و الشام)، بریتییە لە توندترین ڕوانگەی سەلەفیانەی ئیسلامی توندڕۆ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو گۆڕانکاریەکانی ئەم زەمانە، لە پێشکەوتنی زانستی و کۆمەڵیەتی. داعش ترس و ڕەفزی کۆمەڵگەی عەرەبی بەدەوییە کە دینی ئیسلامی کردووە بە ئایدۆلۆژیا، زۆر بە ئاسانی لە لایەن کۆمەڵگەی عەرەبی بەدەوییەوە گوێی شنەوای هەیەی. هەروەها دەتوانێت بە ئاسانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە، بە جیلی گەنج، چ لە ناوەوەی وڵاتانی خەلیج و دەوروبەری یان لەناو کۆچبەری موسڵمان لە ئەوروپادا بگەیەنێ. تیۆری خۆکوژی یان خۆ فیداکاری گەیاندۆتە قۆناخێکی ئەوتۆ کە وەک کەرەستەیەکی سوپایی، سودی لێوەردەگرێت.

داعش پابەندە بە بنەماکانی کاری فتوحات، ئەوەی ئێمە بە هیچ شێوەیەک بیرمان لێی نەدەکردەوە. داعش یەکەم/ بڕوایان بە تۆقاندن، دووەم/ پەلاماردانی لاوازترین خاڵ هەیە. سێیەم/ خاڵی بەهێز یان مەرکەزی بەهێز کە جارێ پێی ناوێرن، بەجێی دێڵن. وەک بەغدایان وازلێهێنا و پەلاماری شەنگال و هەولێریاندا. ئەمە لە هاوکێشەی نزیک بوونی داعش لەناوچەی ئێمەدا، زۆر بە خراپ بەسەر کوردستاندا شکایەوە. ئەو ڕوانگە لە کوردستان دروست کرا کە داعش جارێ خەریکی بەغدا دەبێت، ئیشی ئەوان ئەوەیە کە بەغدا بگرن یان دابەشی بکەن. کەچی ڕوانگە سەلەفیانە و فتوحاتانەی داعش، لەسەر کوردستان بەکارهێندرا، لە پڕێکدا وازیان لە بەغدا هێنا و پەلاماری کوردستانیاندا.

لەناو ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان، لێکۆڵینەوەی ئەوتۆ هەبوو کە داعش بە وردە شەڕەکانی، لەماوەی دوو مانگدا، لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستان دەیکرد ، بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی کوردستان و جۆری بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگە بوو. دوای دراسە کردنیان، بە خێرایی پەلامار دەدات. ئەم ڕوانگەیە بەداخەوە هاتە دی.

سیستەمی بەرگری کوردستان، لە بەرامبەر شەڕی داعشدا، ڕووخانێکی ئاشکرای توش بوو. هەر لە شەنگال تا دەگاتە

هەولێر و ناوچەی جەلەولا و سەعدیە، داڕمانی پێشمەرگەمان بینی. هەڵبەت لە ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتی، بوونی ئێرانیەکان وایکرد کە داڕمانی هێزەکانیان، کەمێک دوا بکەوێت و بتوانن خۆیان بگرنەوە. بەڵام لەناوچەی دەسەڵاتی پارتیدا، کاتێک بە تەنیا بەرەوڕووی داعش وەستا، سنورەکانیشی فراوانتر بوو، بە خێرایی هێزەکانی پێشمەرگە تووشی داڕمان بوون. فەرماندەکانی پێشمەرگە، ئەوانەی ڕابردووی پێشمەرگایەتیان هەبوو، دەرکەوت هۆکاری تەمەن و تێوەگلان لە گەندەڵی و نەبوونی بیر و باوەڕی ڕوون لەسەر بەرگریکردن، چاویان لە بەردەوامی خۆشگوزەرانی، وایکرد لە پڕێکدا سەریان لێ بشێوێ، بە شێوەیەکی ئەوتۆ ڕابکەن و بەرەکانی شەڕ بەجێ بهێڵن کە لە مێژووی پێشمەرگەدا نموونەی وا خراپ نەبووە.

نەزانی و لێنەپرسینەوە لەناو پێشمەرگەدا، ئیهمالی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە 10 ساڵی ڕابردوودا بۆ پەیداکردنی چەک و دروست کردنی پابەندی لەناو پێشمەرگەدا، دەرکەوت. ئاشکرابوو حکوومەت تەنیا ناوی نووسیون و گرنگی بە چەند سوپایەک داوە کە ئەوانیش لە ڕاستیدا، ئەو ئەداو بەرەنگاربوونەوەی کۆنیان نەمابوو.

حیزبایەتی، ناوچەگەرێتی، لایەنێکی دیکەی لاوازکردنی هێزی پێشمەرگە بوون.دەرکەوت هێزی پێشمەرگە نەبۆتە سوپا. وەزارەتی پێشمەرگە تەنیا هەوڵی هەماهەنگی کردنە لە نێوان دوو میلیشیای حیزبی کە لە ناوچەی سەوز و زەرد کار دەکەن.

کێشەی گەندەلی، دوو ئیدارەیی، کێشەی حیزبایەتی، ئەو سێ هۆکارەن کە خەڵکی کوردستانیان لە ئینتیما بۆ وڵات کاڵ کردبۆوە. باوەڕیان بە هیچ یەک لەو دوو حیزبە، بۆ بەرگری کردن بەشێوەیەکی پتەو، وەک جاران نەمابوو.

دەرکەوتنی لاوازی پێشمەرگە، ئینجا بەو ئەندازەیە داڕمان، وورەی خەڵکی زیاتر هێنایە خوارەوە. لە باتی ئەوەی خەڵک لەکاتی بەرەنگاربوونەوەدا بەرگری بکەن، بینیمان ئامادەیی بۆ پاشەکشێ هەبوو. دیاردەی بەرگری نەکردن لەلایەن پێشمەرگە و خەڵکەوە، لەو دیاردانەیە کە دەبێ بە قووڵی لێی بکۆڵدرێتەوە، هۆکارەکانیشی دەستنیشان بکرێن. ئەوە تەنیا هەڵسوکەوتی تاکەکەسی فەرماندەکان نییە، کە داڕمانی لەناو هێزی پێشمەرگە دروست کرد، بەڵکو ئەوە قاعیدەیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فکری و حیزبی هەیە کە بە هەموویان بە شێوەیەکی سەلبی، ئەم دیاردەیان دروست کردووە.

خراپی سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا، لە هەردوو پەروەردەی بنەڕەتی و باڵادا، هەروەها ئەم ڕوانگە پەروەردەیەی، کەوا حکوومەت دەیەوێ بەردەوام لە ڕەفتار و ڕاگەیاندنی خۆیدا دروستی بکات، دەرکەوت کە هەر لە بنەڕەتەوە هەوڵی نەداوە، ڕوانگەیەکی ڕوونی بۆ پەروەردە و ئامادەکردنی جیلی داهاتوو هەبێت. بۆیە هیچ کەسێک بیر لە پاراستنی نیشتمان ناکاتەوە، هیچ لایەنێک بۆ پاراستن ئامادە نەکراوە، هیچ ئایدیایەکیش بۆ پاراستن نییە. بینیمان، کاتێک داعش لە شارەکان نزیککەوتەوە و شەنگالی ئەنفال کردبوو، بەشێکی زۆر لە گەنجانی کوردستان دەیانگووت: کێ دەیخوارد با ئەو بەرگری بکات!

ڕاگەیاندنی نەزان و تێکدەر لە کوردستاندا، کە گیرۆدەیە بە ڕوانگەی حیزبی و دیاردەی گەندەڵی، بووە هاوکارێکی فراوان و خەتەر، بۆ ڕووخاندنی وورەی خەڵک و پێدانی زانیاری بە دوژمن. بۆیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، بەرنگار بوونەوەی هەر هەنگاوێکی دیکەی کە لە دەرەوەڕا بۆ کوردستان بکرێ، پێویستە بەخۆداچوونەوەیەکی خێرا، بە ڕوانگەیەکی چاکسازی فریاگوزارانە بکرێت کە توانایی کوردستان، بۆ بەرگری لەخۆ کردن کۆدەکاتەوە. مەبەست لەو ڕوانگە چاکسازیە، ئەوە نیە بەر لە ساڵێک، لە کوردستان گفتوگۆی لەسەر دەکرا. بەڵکو گرتنەوەی سەرچاوەکانی بە هەدەردان و لەبەر ڕۆیشتووی توانای ئابووری و غەیرە ئابووری کوردستانە، لە دەست هێز و کەسەکانی تێکدەری ناوخۆ. لە ڕاستیدا هەوڵدانی حکوومەتە، بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی ووزە و توانایی مرۆیی تا بتوانێ لەم شەڕەدا، لەم ئابڵوقە ئابوورییەی لەسەریەتی، بەردەوام بێت.

## 6) توندڕۆیی ئیسلامی لە نمونەی داعشدا چییە:

توندڕۆیی هەرە سەلەفییانە، دیاردەیەکە، لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی سەریهەڵداوە. بریتییە لە جموجۆڵێکی کۆمەڵایەتی سەلەفیانەی کاریگەر بە ڕوانگەی دینی، بەرنگاری هەموو دیاردەکانی پێشکەوتن دەبێتەوە. ئەم جموجۆڵە کۆمەڵایەتییە، لە ناو کۆمەڵگەی عەرەبییەوە سەریهەڵداوە. موتوربەکراوە بە ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی. ئایدیۆلۆژیایەکە هەست بە نەقس و غەدر دەکات، پێیوایە بەلانی کەمە ئێستا لە بەڕێوەبردنی جیهاندا، دەورێکی کاریگەرتری هەبوایە.

داعش بریتییە لە قۆناخی هەرە بەرنامەبۆداڕێژراو، هەرە توندڕۆی دوای تاڵیبان. هەنگاوێکی دیکەیە لە تۆخکردنەوە و توندترکردنی ئایدیۆلۆژیای سەلەفییەت، دوای قاعیدە. واتە قۆناخی توودنڕۆیی قاعیدەشی لە سەلەفیەت و لە توندوتیژیدا تێپەڕاندووە. ئەگەر قاعیدە توانی فکری خۆکوژی بۆ هەندێک ئامانج بەکاربێنێ، داعش سیستەمی پەروەردەی کردە کەرەستەی بەرەکانی جەنگ.

لە وڵاتانی دیکەی ئیسلامی، لە ئەورووپا، ئەمەریکاوە، ئەوانەی ڕوانگەی دینییان دەوێت یان حەزیان لە زەبروزەنگ و مرۆڤ کوژییە، بە سیستەمێکی ڕێکوپێک کۆیکردنەوە و هێناونیە سوریا و پاشان بۆ ناو عێراق. ئێستا پەلاماری کوردستان دەدات.

کاری داعش، بریتییە لە سیستەمێکی تێکەڵاو لە تەجرەبەی پەلاماردانی سەلەفیانەی بەدەویانە، لە توندوتیژی بێویژدانانە و تۆقاندن، لەگەل سودوەرگرتن لە تکنۆلۆژیای گەیاندنی ئەم زەمانە. توندوتیژی و تۆقاندنەکە نیشانی خەڵک دەدەن. داعش سودێکی زۆری لە تویتەر و فەیسبووک و وێبسایتەکانی ئینتەرنێت کردووە.

داعش تاکە بزوتنەوەیە، کەناڵی تەلەفزیۆنێکی جیهانی، ڕۆژنامەیەکی دیاریکراو ، مەرکەزێکی دیاریکراوی بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەکانی نییە. هەموو کارەکانەی لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت و پێگەکانیەوە دەکات. لە ڕاستیدا داعش، توانی خاوەنی بەرفراوانترین تەلەفزیۆنی جیهان بێت کە ئەویش یوتیوبە. خاوەنی بەرفراوانترین ڕۆژنامە بێت کە ئەویش فەیسبووکە، خاوەنی بەرفراوانترین کتێبخانە بێت کە وێبسایتەکانن. هەروەها خاوەنی بەرفراوانترین نەشرەی دەنگ و باسەکانی هەبێت کە ئەویش تویتەرە. داعش سودی لە شارەزایی ئەوروپا وەرگرتووە، تکنیکێکی باڵا بەکاردێنێت. زۆریش کاریگەر بوو لەسەر کۆمەڵی کوردستان. هەڵبەت لەسەر کۆمەڵگەکانی دیکەی دنیا بە ئەمەریکا و ئەورووپاوە کاریگەرە.

داعش بەم ڕوانگە توندڕۆیی سەلەفی و توندوتیژییەی هەیەتی، زۆر سود لە ئامرازی پەیوەندیەکان وەردەگرێت. بۆ پەیوەندی بەیەکەکردن، بۆ هەموو جموجۆڵە سەربازی و سیاسی و فکریەکانی، پشتیوانەکانی خۆیان لە دەوڵەتان و لە کەسەکان و لە مەرکەزەکان، بەردەوام لەگەڵیان لە پەیوەندییەکی بەهێز وئاسان و بەلاش دان.

لەناو داعشدا شێوازی بڵاوکردنەوەی بیروڕای توند و تەکفیر کردنی بەرانبەرەکەیان، بە ترساندن و تۆقاندن پەیڕەو دەکەن کە ئەوان بە چەمکی"التوحش" ناوی دەبەن. دوای ئەوە دروستکردنی بێسەروبەری و فەوزا، دوایی پەلاماردان و

پاشانیش ئیدارەکردنی فەوزا، کە بە "ادارة التوحش" ناوی دەنێن ، بەشێکە لە ئایدیۆلۆژیای بەرنامەبۆدارێژراویان. لەوێوە وردە وردە دەگەنە دروستکردنی خەلافەت یان دەوڵەت کە ئەوان بە قۆناخی "التمکین" ناوی دەبەن.

لە ئایدیۆلۆژیای داعشدا، گرتنی شوێنە ئاسانەکان لەپێشترن، وەک لە گرتنی شوێنە قورسەکان. هەر بۆیە کاتێک کە پەلاماری موسڵیان دا زۆر بە ئاسانی گرتیان. کەچی پەلاماری دیالە و تکریت سەختر بوو بەڵام نیوە بە نیوە گرتیانن. کاتێک پەلاماری بەغدایدا، پێیان نەگیرا. پاشان ڕاوەستان . ئەو ماوەیەی کە دەرگیری شەڕی عێراق بوون، بە ووردە شەڕ، خەریکی تاقیکردنەوەی سایکۆلۆجیای خەڵکی کوردستان، جۆری ئەدای پێشمەرگە بوون، لە کاتی شەڕدا.

ئەو وردە شەڕانەی کە بە کوردی پێی دەڵێن تەق و تۆق، لە ماوەی زیاتر لە مانگێک (حوزەیران، تەموز)، لەگەڵ پێشمەرگە دەیانکردن، بە پێی توێژینەوە و سەمینار لەناو ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان، هەموویان لەسەر ئەو ڕایەبوون کە داعش خەریکی تاقیکردنەوەی کوردستانە تا بزانێت تاقەتی چەندە. لە ڕاستیشدا هەروای لێهات. لە ڕێی خەراپی و بێ کۆنترۆڵی دازگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان، توانیان زانیاری پێویست بەدەستی بێنن، تێگەیشتن کە سیستەمی بەرگری کوردستان، ڕێکخراو و پتەو نییە. پاشان ئەو پەلامارەیان دەستپێکرد کە لە شەنگالەوە تا نزیک هەولێریشی گرتەوە.

پێویستە داعش وەک دیاردەیەکی توندرۆی ئیسلامی بناسین. ئەم توندڕۆییە لە حەسەن بەنناوە تا سەید قوتب، ئیخوانی موسلمین، پاشان بوو بە دیاردەی تاڵیبان و قاعیدە. ئێستا لەوانەوە پەرەی سەندوە بۆ داعش و جیهادی ئیسلامی.ئەوانە دەتوانن لە دەرەوەی عالەمی ئیسلامیش، خەڵک کۆبکەنەوە. دەبێ چاوەڕێبین کە ڕۆژ بە ڕۆژ شێوازی خۆیان، بەپێی پێشکەوتنی ئیمکاناتەکان دەگۆڕن. لێرەوە رۆلی سیستەمی پەروەردە و زانکۆکانمان، زیاتر دەبێت. پێویستە چاودێریی تێدابێت، وردە وردە حکوومەت، کەسایەتی مامۆستاکان چاکتر بکات، بۆ ئەوەی لەمە بەدوا زانکۆکان و دواناوەندییەکانمان، توندڕەوی بەرهەم نەهێنن.

### 7) ئەدای حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

پاراستنی کوردستان و بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان، لەلایەن دامودەزگاکانییەوە بەڕێوە دەچێ. بۆیە

حکوومەت بەرپرسە لە پاراستن، پەروەردەکردن، دابین کردنی مافەکانی دانیشتوانی وڵات. ئەم حکوومەتە ئەگەر بە پێی یاسا و دەنگی خەڵک دامەزراوە، دەبێ لە بەرنامەکانی خۆیدا، وەڵامدەرەوەی پێویستیە سەردەمییەکانی کۆمەڵگاکەی بێت.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە گشتی لەسەر بنەمای دیموکراسی، ئازادی، مافەکانی مرۆڤ دامەزراوە. لەسەر ئاستی دنیا، کوردستان و حکوومەتەکەی لەو بەشە دادەندرێن کە بەرەو کرانەوە، دیموکراسی، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێت. ئەم ناسنامەیە، هیچ گومانی تێدا نییە. نابێت باس کردنی، کەم و کورییەکانی، لەسەر تەعریفە جەوهەریەکانی ئەو حکوومەتە بکەین. لەم راپۆرتەدا، کەم و کورییەکان، بۆ باشترکردنی ئەدای حکوومەت و زیاتر بەکارهێنانی وزە و توانایی ناوخۆیی، قسەیان لەسەر دەکرێت.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە وەزارەتەکانیدا بەرچاوروونی لە پرۆگرامەکانیدا نییە. زیاتر وەک مەکۆی سیاسی حیزبەکان تەماشا دەکرێن، هەربۆیە ئەو کادرانەی بۆی دەنێردرێن، لەسەر بنەمای لێهاتووی نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای سیاسی و حیزبییە. وەک لە راپۆرتێکی دیکەی بیرۆکراتیەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، بۆ سەرۆکی حکوومەت بەرزکرایەوە، وەزیرە تازەکان لە کابینەی نوێدا، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، دەبنە بارێکی قورس بەسەر بەرێوەبەرایەتییەکاندا. وەزارەتەکان گرفتاری شارەزا کردنی وەزیر و بریارە بێ سەروبەرەکانی دەبن. زۆرجار کارە نیوە باش و نیوەچڵەکانی پێش خۆیان هەڵدەوەشێننەوە. ئەو گووتەیە بەناوبانگە؛ کاتێک وەزیرەکان دەستبەکار دەبن، دەڵێن: ئێمە لە سفرەوە دەست پێدەکەین! ئەوەش نیشانەی شارەزایی و زانین نییە. ئەمە روانگەی حیزبیانەی بەرچاوتەنگانەیە کە بەهیچ شێوەیەک، بەردەوامی کاری ئیداری و بیرۆکراسی نابینێ و حیسابی بۆ ناکات. ئەوانە پێیانوایە حیزبەکەی ئەو، لە رێی ئەو وەزارەتەوە، دەکرێ لایەنگری زیاتر بۆخۆی پەیدا بکات. هەر ئەوەش وایکردووە، هیچ وەزارەتێک خاوەنی پلانی دوور و درێژ نەبێت. لە بەرنامە کورت خایەنەکانیشدا، بەدەر نییە لە بەرژەوەندی حیزبی و کەسیی خودی وەزیری و بەرێوەبەر و درێژکراوەکانی ئەوان لە دەرەوەی وەزارەت.

بەم پێیە مەحسوبیەتی سیاسی، لە رێگەی وەزیر و بەرێوەبەرەکان تا دەگاتە کارمەندان، هەروەها مەنسوبیەتی کەسی و بەرژەوەندی تاک، لەنێو دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەم رایەڵەدا بڵاوبۆتەوە. ئەوە وایکردووە،

گەندەڵی بەشێوەی مشەخۆری، بەسەر ستراکچەری حکوومەتدا بژیێ و ئەوەندە بارگرانی بکات کە لە زۆر بواردا، حکوومەت تەنیا خزمەتی کارمەند و بەڕێوەبەر و وەزیرە مشەخۆرەکانی خۆی دەکات.

درەنگ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم بارودۆخەی تۆختر و پڕ لە کێشەتر کرد. کێشەی نێوان حیزبەکان، دەست تێوەردانی دەرەکی، بۆ شکست پێهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ( شان بە شانی حکوومەتی عێراق) دەورێکی زۆریان هەبوو، لە دواخستنی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم. ئەوە دەرەنجامی زۆر تێکدەری، بەسەر بارودۆخی ئێستادا هەیە کە شەڕمان تووش بووە.

کێشە ناوخۆییەکانی ناو حیزبە کاریگەرەکان، بە تایبەتی یەکێتی و پارتی، دیسان ڕۆڵێکی تێکدەرانەی هەیە لە کار و باری حکوومەت و ئەمنیەتی وڵاتدا. وەک دیارە، لەناو پارزگای هەولێر و دهۆکدا ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی کەمتر لەوەی سلێمانی دەرکەوت. ئەوەش بووە هۆی کەمبوونەوەی کەسانی بە توانا لە پۆستەکاندا. مەحسوبیەتی حیزبی و ئەمنی کەسیی کە پەیوەندی بە باڵباڵێنەوە هەبوو، پتر شانسی کارکردنیان هەبوو. ئەم دۆخە لە سلێمانی، دوای مام جەلال، هەر بەجارێ بەرەو تەقینەوە ڕۆیشت و مانگ بە مانگیش توندوتیژتر دەبێت.

ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان، لە دوای هەڵبژاردن بە ڕاپۆرتێکی تایبەت، پێشنیاری کردبوو بە شێوەیەکی واقیعبینانە، مامەڵە لەگەڵ ئیدارەی سلێمانی بکرێ. لەوێ سەرکردایەتی یەکێتی دوای مام جەلال، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و دەسترۆیشتووەکانی، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان، یەکتر دەگرن. بەرژەوەندییەکان لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن. لەوەشدا دەبێ چاوەڕوانی، جۆرێک لە حکوومەتی مافیایی بکەین کە لە هەندێ وڵاتدا دروست دەبێت. ئێستا حکوومەتێکی نزیک لە مافیایی، لە ئیدارەی سلێمانیدا هەیە. دەرهاویشتەی کاریگەرە نەرێنیەکانی ئەم ئیدارەیە، لەسەر جۆری بەرەنگاربوونەوە لەکاتی شەڕ لەگەڵ داعش و پەیوەندییەکانی بە ئێران و مالیکیەوە خۆی نیشاندا. هەروەها هاوپەیمانییە سیاسیەکانی لەگەڵ پەکەکە و ڕۆیشتن لەسەر ڕێگەی زیاتر توند و تیژ کردنی کێشەکان، یەکێک لە سیماتە دیارەکانی ئیدارەی سلێمانییە.

سیستەمی پەروەدە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پەروەردەی وەزارەتی پەروەردەوە تا دەگاتە خوێندنی باڵا، سیستەمێکی سەرکەوتوو نییە. لەو سیستەمەدا بەرچاوڕوونی نییە. لە ڕاپۆرتەکانی پێشووی ئەنستیتۆی توێژینەوە و

گەشەپێداندا، چ بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و دواییش دران بە وەزیری پەروەردە، دەستنیشان کراوە کە دەبێ وەزارەتەکانی پەروەدە و خوێندنی باڵا، ڕوانگەی خۆیان بۆ پەروەردەکردنی جیلی ئاینده، یەکلایی بکەنەوە. سیستەمی خوێندن لە کوردستاندا یەکلایی نەبۆتەوە، ئایا سیستەمێکی دینییە؟ یان عەلمانییە؟، لە ڕاستیدا هەردووکیان تێکەڵاو کراون، بەڵام کەسایەتی پەروەردەکار، لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، زیاتر بە ڕوانگەی دینییەوە مامەڵە دەکات. بۆیە ئەگەر پرۆگرامی خوێندن، لە نووسینیشدا زانستی بێت، ئەوا لە پەڕەوکردن و پێگەیاندنی نەوەی نوێدا، بە تان و پۆی دینی و خرافی دادەپۆشرێت.

ئەم ناکۆییە لە ڕوانگای پەروەردەییدا، هەر لە سەرتاییەوە تا دەگاتە زانکۆکان، دەرهاویشتەی خەراپی هەبووە. کەسانی دینی و داخراو و توندڕۆ لە کوردستاندا، پشکی زانکۆکانی تێدا یەکجار زۆر. ژمارەی ئەو کەسانەی دەرچووی زانکۆکانی کوردستانن و لەگەڵ داعشدا کاردەکەن، کەم نین. لە ڕاستیدا ئەمڕۆ هیچ توندڕۆیەکمان دەست ناکەوێ کە نەخوێندەوار بێت. توندڕۆی نەخوێندەوار، لەوانەیە تەنیا لە باوەڕی کەسییدا بێت. هەموو ئەو گەنجانەی بەرەو ڕێکخراوەکانی تیرۆریست دەڕۆن یان لەناوخۆی وولات، لەناو خێزانەکاندا بەشێوەیەکی توندوتیژ، زەبر لە سەلامەتی کۆمەڵایەتی دەدەن، ئەوانەن کە لە پلەیەکی دیاریکراوی خوێندەواریدان، جا چ لە دواناوەندی یان تەواوکردنی زانکۆدا بێت. لەمەوە دەکرێ حکوومەت، وەک زەنگێکی خەتەر، بیر لە چاککردنی سیستەمی پەروەردە بکاتەوە

هەردووک وەزارەتی دارایی و سامانە سروشتییەکان، پەیوەندیان بە ئیدارەکردنی سامانی وڵاتەوە هەیە. ئەم دوو وەزارەتە دیسان دوو وەزارەتی حیزبین. لە وەزیرەکان تا دەگاتە بەڕێوەبەرەکانی، بە دەستنیشانکردنی حیزبی، بە بێ ئەوەی بیر لە توانایی و شارەزایی بکرێتەوە دادەندرێن. خەڵکی ئاسایی لەوە تێدەگەن، لەو وەزارەتانە بەڕێوەبەرێک دادەندرێ کە هەرچی حیزب بیڵێ بیکات، چەندیش پێویست بێت پارە دەشارێتەوە. ئەم دوو وەزارەتە نەک هەر بە شارەزایی کاری خۆیان لە ئیدارەکردنی سامان و دارایی، ئەنجام نادەن، بەڵکو دوو کەناڵی تێکدەری سامان و ئیدارەی وڵاتن.

ئەنجومەنی وەزیران، وەک بازنەیەکی کارگێڕیی، لەگەڵ وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانیدا پەیوەندیەکی ئۆرگانیکی پتەوی نییە کە بتوانێ ئاگای لە هەموو کاروباری وەزارەتەکان بێت. هیچ میکانیزمێکی نیە تا نەهێڵێ سامانی گشتی و

ووزەی ناوخۆیی، توانای مرۆیی بە فیڕۆ بچێت. هەربۆیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کادری شارەزا کەمە، کاروباری خەڵک بە باشی ناڕوا. ڕۆتینی نەزانانە ( نەک بیرۆکراتیانەی وڵاتانی پێشکەوتوو) وایکردووە بتوانن بە زۆرەملێ و بە ملهوڕی، کاری خەڵک بەڕێوە نەبەن یان بەرتیلیان دەوێ، پێویستیان بە بڕیاری حیزبییە لە کارەکاندا. لە هەمانکاتدا مەحسوبیەت تەنگی بە سەردانیکەرانی فەرمانگەکان هەڵچنیوە. بۆیە جۆرێک لە دابڕان و دووروپەرێزی، لە نێوان حکوومەت و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک هەیە.

لەم بارودۆخی شەڕدا، لەم قەیرانەی کە کوردستان پێیدا تێدەپەڕێ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ پەنا بۆ هەندێ شارەزا بەرێ. بەشێوەیەکی خێرا و بە فریاگوزاری، هەندێک لەم کەم و کوڕیانە چارەسەر بکات. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێگەی خۆی و لیژنەیەکی تایبەتی بچووک لە وەزیران بێ یان لە ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەران، لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، چاودێری جۆرێک لە چاکسازی و ڕێچکە شکاندن بکات. بۆ ئەوەی ڕێگە بکاتەوە تا سامان و توانایی ناوخۆی وڵاتەکە بپارێزرێ و ڕێگەی بەردەوامیی بۆ بکرێتەوە.

### 8) ڕاگەیاندن لە کوردستاندا:

ڕاگەیاندن لە ئەمساڵی رابردووی کوردستاندا، نەزانی و خەراپی ڕێبازی خۆی نیشاندا. پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا وایکردووە، ڕاگەیاندنی کوردستان وەک ڕاگەیاندنی هەموو وڵاتان لە ئاستی تەکنیکیدا پێش بکەوێت، بگاتە هاووڵاتیان و دنیای دەرەوە. بڵاوبوونەوەی سەتەلایت و ڕادیۆ، پەرەسەندنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، پەرەسەندنی فراوانی پەیوەندی و گەیاندن و ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی، وایکردووە هەموو هاووڵاتیان، ئاگایان لە هەر ڕووداوێک بێت. سەرباری ئەوەش، ئەوە ناوەندە ڕاگەیاندنەکانن، دەسەڵاتی کۆکردنەوەی هەواڵ و سەرکردایەتی کردنی بیر و ڕاکانیان لەدەستدایە.

ڕاگەیاندنی کوردستان، لە ژێر کارتێکرانی، مۆدی زوو گەیاندنی هەواڵ (سبق صحفی) و پەلەپەل کردندا، لە دوو ڕووەوە زەبر لە کۆمەڵگە دەدات. لە ڕێگەیەکەوە هەرچی دیاردەی تازە هەیە، بە چاک و خەراپ بەبێ بەرنامە، بە فراوانی ڕێگەی بۆ دەکەنەوە. هیچ سەنتەرێکی فکریی، لەپشت هیچ یەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کاریگەری کوردستان نیە.

لە جیهانی پێشکەوتوودا، هەموو گروپەکانی ڕاگەیاندن، ناوەندێکی فکرییان لە پشتەوە هەیە. ناوەندەکە نەخشەیان بۆ

دادەڕێژێ، ئەو دەزگایە کۆمەڵگە بەرەو کوێ پاڵ بنێ. لە کوردستاندا ئەم پلانە نییە. دەزگاکان سەرچاوەی داراییان بۆ دابین دەکرێ بەڵام هیچ هەوڵدانێک بۆ پێگەیاندنی کادری نوێ و زانا نییە. بۆیە ئێستاش لە کوردستان، زۆربەی هەرە زۆری پەیامنێر و نووسەر و بەڕێوەبەرەکانی ڕاگەیاندن لە ڕاستیدا لە خەڵکانی کەم خوێندەوار پێکدێن. هەر بۆیە لەکاتی شەڕدا، تەلەفزیۆنەکانی کوردستان و ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی، زۆر بە خێرایی کەم و کوڕیەکانی سیستەمی بەرگری کوردستانیان، خستە بەردەمی هاووڵاتانیان و بەردەمی دوژمنیش. کاری دەزگا ئەمنیەکانە لەوە بکۆڵنەوە، دوژمن چەند سودی لە ئاشکراکردنی واقیعی ئەمنی ئێمە وەرگرتووە.

ئەو ڕەفتارەی ڕاگەیاندن، وایکرد هاووڵاتیان لە ڕێگەی فەیسبووک و تویتەرەوە، فێرببن وردەکاری بەرەکانی شەڕ و ئەمنیەتی ناو شارەکان، بخەنە ناو لاپەڕەکانی خۆیان. دواجار دوژمن زۆر بە ئاسانی بیبینێت. لە کاتێکدا دەبینین ئەو وڵاتانەی شەڕیان بەسەردێت و بارودۆخی ئەمنیان تێکدەچێت، حکوومەت لە ڕێگەی دام و دەزگە ئەمنیەکان و سوپاوە، هەروەها هاووڵاتیان لە ڕێگەی هۆشیاری نیشتیمانەتییەوە، پابەند دەبن کەم و کوڕیەکان و نهێنیەکانی وڵاتەکەیان نەدرکێنن. بۆ نموونە ئەمەریکا، کاتێک لە 11 سێپتەمبەر لێیدرا، ئەوکاتەی لە ئەفغانستان و عێراق لە شەڕدابوو، ئەوکاتەشی لە هەولێر لەبەرانبەر داعش داخلی جەنگ بوون، تەنیا ئەو ڕاپۆرتانەیان بڵاودەکردەوە کە بەشێوەیەکی ڕەسمی، حکوومەتی ئەو وڵاتە دەیدایە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

کاتێک کە ئیسرائیل لەگەڵ توندڕەوەکانی فەلەستینی شەڕ دەکات، زەبری بەردەکەوێ، بەهیچ شێوەیەک ڕاگەیاندنی ئیسرائیل، پشتەوەی بەرەکانی خۆیان نیشان نادەن. ئێران کاتێک لە سوریا یان لە ناو عێراقدا، لە شەڕدایە، کەم و کوڕی خۆیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن نیشان نادەن.

پەروەردەی پابەند بوون، لەناو ڕاگەیاندنی کوردستاندا نییە. هەر بۆیە فەرماندەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنیەکان، پاڵ بە پاڵی کامێرای تەلەفزیۆن، لە میحوەرەکانی شەڕکردندا دەسوڕانەوە. لە کاتی شەڕیشدا ئەوەندەی چاویان لە دواوە بوو کە ئایا وێنەیان دەگیردرێت یانا، هەر ئەوەندەش چاویان لە پێشەوەی شەڕەکە دەبوو. ئەوە وایکرد، زۆر بە فراوانی شڕ و شەپرێوی بەرەکانی ئێمە، ڕۆژانە لە کەناڵەکاندا، نیشانی خەڵک بدرێت. بە بەراورد لەگەڵ داعش (ئەو هێزە دڕندەیەی پەلامارمان دەدات)، ڕاپۆرتێکی ئەوتۆمان دەست نەکەوتووە، فەرماندەیی و کاری جەبهەیی ئەوان چۆن بەڕێوە

دەچێت. داعش پابەندیەکی تەواو بە شاردنەوەی نهێنیە سەربازیەکانی خۆیانەوە دەکات.

لە ڕاستیدا ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە هەموو لق و پۆپەکانیانەوە، لەم تەجرەبە تێکدەر و زیانبەخشەدا پێشەنگ بوون. ئەمە جیا لەوەی وەک دوو ڕاگەیاندنی حیزبی، ڕۆژانە کەم و کوڕی یەکترییان نیشان دەدا. ئەوەش بە شکست دەگەڕایەوە بۆ وڵاتەکە. ئەمە جیا لە بەکارگرتنی فەیسبووک و تویتەر. دەزگاکانی ئەمنی لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی و کەرکووک، بە هەمان شێوە دەوریان هەیە، لە دزە پێکردنی زانیاری بۆ ڕۆژنامەنووسان، دزەپێکردنی زانیاری بەشێوەی ڤیدیۆ بۆ فەیسبووک و تویتەر و وێبسایتەکان. لەوێشەوە زۆر بە ئاسانی دەگاتە دوژمن.

ئەم دۆخە لە شیرازە چووە، وایکرد هاوڵاتییان بێمتمانەییان، بە هێزەکانی ناوخۆیی زیادتر بێت. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە داعش بە شێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو، جیا لە هێرشی سەربازی، هێرشێکی سایکۆلۆجی تۆقاندنی لە ڕێگەی تویتەر و یوتیوب و فەیسبووکەوە، بۆ سەر کوردستان دەست پێکردبوو. لە بەرەنگاربوونەی نێوان داعش و کوردستان، داعش توانی ئامانجی شەڕی سایکۆلۆجی خۆی بپێکێت. ڕاگەیاندنی کوردستان، نەزانی و نانیشتمانییەتی خۆی سەلماند.

لەم ڕووەوە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دیراسەی ئەم واقیعە بکات و ڕێ و شوێنێک بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان و تۆڕەکانی ئینتەرنێت دابنێ، تا سەلامەتی نیشتمانی نەکەوێتەوە خەتەر.

**9) پێشنیار بۆ بارودۆخی ئێستا:**

**١- حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە بیر لە میکانیزمێکی خۆ کۆکردنەوە، کەمێک چاکسازی بکات. ئەوەش بە نیازی کۆکردنەوەی سامانی ناوخۆ، زیاتر کەڵک وەرگرتن لە ووزە و توانای مرۆیی ناوخۆیی. پێویستە کۆنترۆڵی ئابووری ناوخۆی کوردستان بکات، دوای دیراسەکردن ئابووری جەنگ ڕابگەیەنێ.**

**٢- وشیارکردنەوە و پەروەردەکردن لە زانکۆکان و وەزارەتی پەروەدەدا، بکاتە پلانی ئێستا. بەرنامەی بۆ دابندرێ، هەرچەند سەرەتاییش بێت. پێویستە هەڵمەتێکی نیشتمانی لەو مەرکەزە پەروەردەییانە دەست پێبکرێ. ئەوەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕۆیی، بۆ دورخستنەوە و چاودێریکردنی کەسانی توندڕۆ چ لە مامۆستا چ لە قوتابی و کارمەندانی ناو زانکۆکان.**

**٣- کەمکردنەوەی کێشەی نێوان حیزبەکان، بە تایبەتی کێشەی نێوان پارتی و یەکێتی. کەمکردنەوەی کێشەی ناوخۆی حیزبەکان، وەک کێشەی ناو یەکێتی، یان هەندێ جار ئەو کێشانەی لەناو پارتی ڕوو دەدەن.**

**٤- بایەخێکی زیاتر بە کەمینەکان بدرێت. واتە بە دینەکان و میللەتەکانی دیکە.ئەوانەی لەم شەڕەدا زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە. لە تەجرەبەی ئەم ساڵدا، بۆمان دەرکەوت سەرباری زۆری یاسا و ڕاگەیاندنی پاراستنی یەکسانی کەمینەکانی کوردستان، لە کردەوەدا کەم و کوڕیەکی زۆرهەبوو. کەمینەکان خاوەنی ئیرادەی خۆیان نەبوون، لە سیستەمی ئاسایش و کارگێڕیی ناوچەکەی خۆیاندا بەشدار نەبوون. ئەوەش وایکرد، کاتێک پەلامار دران، نەیانتوانی بەرگری لە خۆیان بکەن. بە پێچەوانەوە، یەکێک لەو دیاردانەی سەرنج ڕادەکێشێت، پێکهاتەکانی کوردستان لەلای ئێزیدی و مەسیحیەکان، سایکۆلۆژییەکی خۆبەدەستەوەدانی تەواویان لا دروست بوو، بە ئاسانی خۆیان بەدەست دوژمن دەدا و بە ئاسانی تەسلیمی مردن و سەربڕین دەبوون. ئەمە کەم و کوڕی پەروەردە و ناهاوسەنگیی ناو کۆمەڵگەی کوردستان نیشان دەدات. ئەم دیاردە نەساغە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لێی بەرپرسە. دەبێ بەشێوەیەکی تایبەتی لیبیکۆڵدرێتەوە. ئیرادە بۆ پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستان بگێڕێتەوە و بەشداری پێبکرێن. هەروەها فشاری بە حیزبی کردنیان، لەسەریان کەم بکرێتەوە.**

**شێوازی توندی حیزبایەتی، وایکرد کەسایەتی کاریگەر و بەتوانای کەمینەکان، خۆیان لە کاری کارگێڕیی وڵات دوور بخەنەوە. سەرنجام هیچ ڕەهبەریەک لەناو ئەو کەمینانەدا، بۆخۆیان نەمایەوە تا لە کاتی تەنگانەدا پێشەنگیان بکات.**

**حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە سیاسەتی ڕاستگۆیی، لەگەڵ هاونیشتمانیانی خۆی بکاتە پیشە، خەتەرەکان**

نەشارێتەوە، ڕوانگەکانیان بۆ ئاشکرا بکات، دام و دەزگەی جیاجیای هەبێت، بۆ لێکۆڵینەوە و گەیاندنی ڕاستییەکان.

٥- لە تەجرەبەکانی ئەو مانگی ڕابردوو(تەنگژەی ئابووری، شەڕی داعش) دەرکەوت، میللەت زۆر بە زەحمەت باوەڕ بە حکوومەت دەکات. حکوومەت زۆر بە کەمی زانیاری دەدات بە خەڵک. هەربۆیەش لەکاتی تەنگانەدا،هاوڵاتی لەگەڵ حکوومەت یەکانگیر نابێت. بۆ نموونە کاتێک هەولێر کەوتە بەر مەترسی داعش، میللەت کەوتە ژێر هەڕەشەی تۆقاندن و کەشی خوڵقاوی سایکۆلۆجیای داعش. لە جیاتی مقاوەمەت و هاوکاری کردنی دەزگاکانی حکوومەت، ڕێگەی چۆڵکردن و کۆڕەوویان گرت. گوێیان بۆ بانگەوازەکانی سەرۆکی حکوومەت نەگرت کە دڵنیایی پێ دەدان شارەکەیان لە هەڕەشە بەدووره. ئەم ڕاستیە دەیسەلمێنێ کە دەبێ کەناڵی ڕاستگۆیی، لە نێوان حکوومەت و میللەتدا چالاک بکرێت.

٦-حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مافی خۆیەتی ستراتیژی پەیداکردنی پارە و چەک پەیڕەو بکات. لەوەشدا چەندی پێویست بێت نهێنی بپارێزێ، بەڵام پێویستە هاووڵاتیانی خۆی دڵنیا بکاتەوە، چەک و پارە لە کوردستان، بە ڕێگەی قانوونی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ. زۆربوونی چەک لە کۆمەڵگەکەماندا، نابێتە مایەی هەڕەشە بۆسەر ناکۆکیی حیزبی و ناوخۆیی. هەروەها سەلامەتی کۆمەڵایەتی ناخاتە مەترسیەوە. پەیداکردنی پارە بە پلەی یەکەم بۆ بەرەکانی شەڕە، دوای ئەوە ژیانی هاووڵاتیانیش بەگوێرەی توانا دیاری دەکات. ئەمە پێویستە وەک پەیامێک، خەڵک لێی دڵنیا بێتەوە و بیزانێ.

٧-حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مافی خۆیەتی، سود لە هەموو ئەو هەل و دەرفەتانە وەربگرێت کە لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا لەبەردەستن. جا چ بۆ پەیداکردنی پارە یان ئاسانکاری یاسایی بێت. لەوەشدا هاووڵاتیانی خۆی ئاگادار بکاتەوە.